کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

# ٤٤٥

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٥ –ڕێبەندان – فوریە ٢٠٢٤


## بژی عەزم و ئیرادەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!

## مانگرتنی گشتی و سەرکەوتووانەی ١٠ی ڕێبەندان نیشانەی عەزم و ئیرادەی قایمی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە لە خەبات بەدژی ڕژیمی تاوانکاری ئیسلامی!




### لە سەروبەندی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە



### سەنگەرگرتن لە پشت ماشێنی ئیعدام، دوایین خاکرێژی ڕژیم



### چینی کرێکار کوشتاری خاتوون ئابادی لە بیر ناچێتەوە

## سەروتار

## کۆمەڵە داکۆکیکاری لێبڕاوی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کۆمەڵە ئاگادارکردنەوە و هاوڕێکردنی هەرچی زیاتری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لەگەڵ ڕێگاچارەی کۆمۆنیستەکان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستانە. پێویستە هەوڵ بدرێت کە ڕێگاچارەی واقعبینانە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستان هەرچی زیاتر هۆگرایەتیی کۆمەڵایەتیی بەدەست بێنێت. هەروەک زۆر جار تەئکیدمان لەسەر کردووە، کۆمەڵە خوازیاری مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە بۆ خەڵکی دانیشتووی پارێزگا و ناوچە کوردنشینەکان. بەڵام دابینکردنی بارودۆخێک کە تێیدا خەڵکی کوردستان بتوانن بە بێ نیگەرانی لە هەڕەشە و داسەپاندنی گوشاری نیزامی، پۆلیسی، سیاسی و ئابووری و هیتر ئازادانە لەم مافەی خۆیان کەڵک وەرگرن، لە گرەوی خەبات بۆ سەرهەڵدانی قۆناغێکی شۆڕشگێڕانە لە ئێران، ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکە کە بەشێوەی کردەوەیی گشت مافە دیموکراتیکەکانی خەڵک دابین بکات. هەربۆیە تەنیا ڕێگای واقعبینانەی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بەشداری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری بەئامانجی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی ئیسلامی و دابینکردنی ئازادییە دیموکراتیک و ئازادیی بێ شەرت و مەرجی سیاسییە.

بەڵام کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا لەسەر ستراتێژی سۆسیالیستی خۆی لەپێناو چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەوایەتی پێداگری دەکات کە ناسیۆنالیسمیش کۆمەڵگای کوردستانی خستووەتە ژێر کاریگەریی سیاسەت و کردەوەی خۆیەوە. ئەگەرچی نوتفە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان لە قالبی کاردانەوەی فیۆدالی مەحەلی بەرامبەر بە

دەستدرێژی دەوڵەتی ناوەندی خۆی نیشان دا، بەڵام لەگەڵ لە ناوچوونی نیزامی فیۆدالی و سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایەداری لەم ناوچەیە، ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی ڕەخنەی کردە ناو چین و توێژە تازەسەرهەڵداو و خۆشبژێوەکان و بوو بە ئایدیۆلۆژی زاڵی بۆرژوازیی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و توێژە مامناوەند و وردەبۆرژواییەکانی کوردستان. ناسیۆنالیسم ئایدیۆلۆژی و ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتیی سیاسی دیاریکراوە کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەروەک باقی کۆمەڵگاکانی دیکە هاوزادی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لەپەنا باقی بزووتنەوە سیاسی و چینایەتییەکان، بووەتە بزووتنەوەیەکی سیاسی. ئەحزابی سیاسی و کۆمەڵێک بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆر بەپێی ئەم ئایدیۆلۆژییە و لەسەر بەستێنی ئەم ئاراستە کۆمەڵایەتییە دامەزراون و دارێژراون. ئەم ئایدیۆلۆژییە خاوەنی جیهانبینی، ستراتێژی سیاسی، کلتوور و سوننەتی تایبەت بە خۆیەتی. مێژووی گەشە و پەرەسەندنی سەرمایەداری نیشانی داوە کە ئایدیۆلۆژی و بەرنامەی ناسیۆنالیسم بەپێی پێویستیی سەرمایەداری بە پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆیی و پاوانکردنی ئەم بازاڕە لە چوارچێوەی سنوورە دیاریکراوەکان و زەروورەتی پاراستنی ئەم سنوورانە بەزەبری هێزی جەماوەری جێگیرکراو لەم ناوچانە، شکڵی گرتووە. ناسیۆنالیسم، کلتوور و ئەدەب و هونەر و سەمبۆلی تایبەت بەخۆی بۆ ئاسان کردنەوەی بابەتی هێنانە مەیدانی جەماوەر لە خزمەت وەدیهێنانی ئەم ئامانجە چینایەتییە خوڵقاندووە. بەڵام ئەمڕۆ کە لەگەڵ گەشەی بەرچاوی سەرمایەداری و جیهانی بوونەوەی ئەم سیستمە، هەموو سنوورێک بەرەوڕووی حەرەکەتی کاڵا و سەرمایە کراوەیە، پایە ئابوورییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژییە واتە پێکهێنانی بازاڕی ناوخۆیی و نەتەوەیی لەناوچووە. سەرمایەدارانی کوردستانیش هەنگاو هەڵگرتن بەرەو تێکەڵبوون لەگەڵ بازاڕی جیهانی، لەپێناو بەرژەوەندی چینایەتیی خۆیاندا دەبینن. ئێستادا مانەوەی ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان لە بێمافیی سیاسی و ئیداری، کلتووری، دواکەوتووڕاگرتنی کوردستان لەبواری ئابووری و پێکهاتەی لاوازی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی کە دووکەڵەکەی لە بنەڕەتدا دەچێتە ناو چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی نیشان دەدات. ناسیۆنالیسم لە بوونی ئەم بێمافی و ستەمانە تەغزییە دەکات و حزووری خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا پاراستووە. بەڵام لەو جێگەوە کە بە حوکمی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی چەند دەیەی ڕابردوو، چینی سەرمایەدار و توێژە خۆشبژێوەکانی کۆمەڵگا هاندەرێکیان بۆ خەبات لەپێناو چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی نییە و حیزبە ناسیۆنالیستەکانیش بەحوکمی هەر ئەم گۆڕانکارییانە زیاتر لە ڕابردوو لە ئاراستە و ئاواتەکانی پێگەی چینایەتی خۆیان واتە سەرمایەداران و خاوەنانی سەروەت و توێژەکانی سەرەوەی چینی مامناوەند نزیک بوونەوە، لەجیات ئەوەیکە چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی بکەنە ئامانج، تەنیا بە وەدەستهێنانی بەشێک لە دەسەڵاتی خۆجێیی، لە هەر ڕێگەیەکەوە، ڕەزایەت دەدەن. کەوابوو ئەرکی مێژوویی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی و هەرجۆرە گۆڕانکارییەکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگادا کەوتووەتە سەر شانی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئەم چینە.

چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هێزی بزوێنەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانن، و کۆتایی هاتنی ستەمی نەتەوایەتیش لە گرەوی پێشڕەویی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە لەم خەباتەدایە. بەڵام سەرەڕای ئەوەیکە ئەمڕۆ لە کوردستان دووکەڵی ستەمی نەتەوەیی زیاتر لە هەمووان دەچێتە ناو چاوی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشەوە، بەم حاڵەوە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تەنیا بۆ خواستی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی نەهاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراوی کوردستان خواستی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕوونی خۆیان هەیە کە بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە ڕایدەگەیەنن. کۆمەڵە بەهەر ڕادەیەک کە بتوانێ بە حزووری لە خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە و بە پێداگری لەسەر خواستەکانی، ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە بەشێوەی ڕێکخراو بێنێتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە، گشت ڕەوتی سۆسیالیستی بۆ ڕێبەریی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و وەدیهاتنی بەرنامەکەی بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی دەخاتە پێگەیەکی باشترەوە.



لە گەڵاڵەی کرێکاران بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان، کە لە یەکەمین ڕۆژی سەرکەوتنەوە هاوڕێ لەگەڵ بەرنامەی لانیکەم لەبواری دابینکردنی خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان، بەڕەسمی ڕادەگەیەندرێت و بەکردەوەدەردێت. گشت ئۆرگان و ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتی و هیتر کە ئامرازی داسەپاندنی ستەم و هەڵاواردنن، کۆدەکرێنەوە. هەموو یاسا و بەربەستە ئیدارییەکان کە بەپێی هەڵاواردن شکڵیان گرتووە هەڵدەوەشێنەوە. بەڕێوەبەری کاروباری کوردستان و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا بە شۆراکانی هەڵبژێردراوی خەڵک لەئاستە جۆراوجۆرەکان و شۆرای نوێنەرانی سەرتاسەریی کوردستان دەسپێردرێت، ئەم شۆرایانە هەم یاسادارێژەرن و هەم بەڕێوەبەری یاساشن. بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی ناوەندەکانی بەرهەمێهان و قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی ئابووریی بەهۆی هەڵاواردنی نەتەوەیی بە خەرجی دەوڵەتی ناوەندی بەکردەوەدەردێت. لەڕێگەی بردنەسەرەوەی ئاستی پەروەردەی بەخۆڕایی لەوانە فێرکاریی تێکنیکی و پیشەیی، بردنەسەرەوەی ئاستی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و گشتی و هیتر، ئیمکانی ڕاستەقینە بۆ بەهرەمەندبوون لە مافی بەرابەر بۆ خەڵکی کوردستان دەخوڵقێت. نوێنەرانی شۆرا سەرانسەرییەکانی کوردستان بەبێ هیچ جۆرە شەرت و مەرجێک لە ئۆرگانە سەرانسەرییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئێراندا بەشداری دەکەن.

بە وەدیهێنانی ئەم بارووددۆخە و بە گرتنەبەری سیاسەتی وشیارانەی پەروەردە و کلتووری، ئەگەری هەرجۆرە نابەرابەرییەک لەنێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەناو دەچێت و پێناسەی ئینسانی کەسانی سەربە ئێتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ڕێگای تێکەڵبوونیان لەگەڵ یەکتر هەموارتر دەکرێت. وەها کۆمەڵگایەک لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی نامۆ دەبێت. لە وەها هەلومەرجێکدا کێشانی هەرجۆرە حەسارێک بەدەوری کوردستان بەمانای سپاردنی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگایە بە هاوسەنگی هێزی سیاسی و چینایەتی، بە مانای بێبەری کردنی کرێکارانی کوردستان لە دەستکەوت و پشتیوانی هاوچینەکانی خۆیان لەئاستی سەرتاسەرییە. بوونی ئاسۆیەکی سەرانسەری، هاوڕێ لەگەڵ کرێکاران و هەموو خەباتکارانی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست لە ئێران ئاسانترین و کەم دەردیسەرترین ڕێگای چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی و وەدیهاتنی ئامانج و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە.

دیارە لەگەڵ پێکهاتنی وەها بارودۆخێکی دیموکراتیک ئەوە خەڵکی کوردستانن بڕیار دەدەن کە چۆن لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان کەڵک وەربگرن. لە وەها بارووددۆخێکدا بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی جیهانی و کۆمەڵێک هۆکاری مەحەلی و ناوچەیی و بارودۆخی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئێمە مانەوە لە چوارچێوەی ئێران و بەشداریی خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی سەرتاسەری و شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان پێشنیار دەکەین.

❊❊❊

## بژی عەزم و ئیرادەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان! مانگرتنی گشتی و سەرکەوتووانەی ١٠ی ڕێبەندان نیشانەی عەزم و ئیرادەی قایمی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە لە خەبات بەدژی ڕژیمی تاوانکاری ئیسلامی!

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بە مانگرتنی گشتیی خۆیان لە ڕۆژی سێشەممە ١٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٢لە نارەزایەتی بەدژی ئێعدامی چوار بەندکراوی سیاسی و بۆ وتنی نا بە ئێعدام، بۆ جارێکی دیکە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خۆیان بەرانبەر جەنایاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان دا و لاپەڕەیەکی دیکەیان بە مێژووی پڕ لە




هەوراز و نشێوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان زیاد کرد. خەڵکی خەباتکاری کوردستان بە مانگرتنی یەکگرتووانەی خۆیان وبەدەربڕینی هاوخەمە وپشتیوانی لە بنەماڵەی گیانبەختکردوانی ئەوە جەنایەتەی کۆماری اسلامی نیشانیان دا کە شەپۆلی ئێعدامەکان، میلیتاریزم و ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای شارەکان نەتەنیا ئەوان چاوترسێن ناکات، بەڵکوو عەزم و ئیرادەیان بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی قایمتر دەکات. مانگرتنی گشتیی ١٠ی ڕێبەندان لە درێژەی نارەزایەتیی دەیان ڕێکخراوی کرێکاری و خوێندکاری، ناوەندی نووسەرانی ئێران و مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی سیاسی ژن دژبە ئێعدامەکان، بزووتنەوەی خەبات بەدژی ئێعدام و بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی بردووەتە قۆناغێکی نوێوە. مانگرتنی گشتیی شکۆمەندی ١٠ی ڕێبەندان بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پایەکی سەرەکیی هەر ئالوگۆڕێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە لە ئێرانە.

سەرکەوێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵکی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی

٣٠ی ژانویەی ٢٠٢٤ی زایینی

***

## لە سەروبەندی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە جارێکی دیکە بیر لەو هیوا و ئاوات و ئەمانجانە دەکەنەوە کە لە پتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەژێر ڕێبەریی کۆمەڵەدا لە پێناویاندا خەباتیان کردووە. باشترین خۆشەویستەکانیان لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانە لە دەست داوە و بیر لە سبەی ڕۆژێک دەکەنەوە کە کۆمەڵە بە بەرنامە و ستراتێژییە سیاسیەکەی، بە کردار و لێبڕاوی شۆڕشگێڕانەی بە روویانیدا کردووەتەوە. بیر لە پێوەندیەکی پتەو و قوڵ دەکەنەوە کە کۆمەڵە دایمەزراندووە، و لە بیرەوەریەک کە لە ماوەی ساڵانێک تێکۆشاندا لە دڵیاندا جێیان کردووەتەوە. ئەو بیرەوەریانەی کە بۆیان خۆشەویست و جێی ڕێزە، و نە تەنها ژیانی ئەمرۆیان بەڵکوو ژیانی سبەی ڕۆژیشیانی ڕەنگ ڕێژ کردووە. بیر لە عەهد و پەیمانێک دەکەنەوە کە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٦ ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵەدا نوێی دەکەنەوە. عەهد و پەیمانێک کە تا دەستەبەر بوونی ئازادیی و بەرابەریی و هەتا بەرپاکردنی حکوومەتی کرێکاری و هەڵکرانی ئاڵای سۆسیالیسم هەموو جارێ و هەموو ڕۆژێ لەسەری جەخت دەکەنەوە.

کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بە ئامانج، بەرنامە، ستراتێژی و ئارمانی کۆمۆنیستی و کرێکاری کە لەمرۆدا لەگەڵ ژیان و خەبات و هەستی بەمیلیۆن ئینسانی زەحمەتکێشدا ئاوێتە بووە و دڵیان لەگەڵ دڵی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشانی کۆمەڵگادا لێ دەدات، ساڵانێکی پڕ لە خەبات، خۆڕاگری و سەرسەختی کەم وێنەی ناوەتە پشت سەر. کۆمەڵە زیاتر لە ٥٤ ساڵ لەمەوبەر لە پاییزی ساڵی ١٣٤٨ لە جەرگەی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەتدا پێکهات. بارودۆخێک کە بە زاڵ بوونی مۆناسباتی سەرمایەداری و لێک هەڵوەشانی نیزامی دەرەبەگایەتی، کۆچی زەحمەتکێشانی دێهاتەکان بەرەو شارەکانی ئێران و گەشەی چەندایەتی چینی کرێکارێک کە بێجگەلە فرۆشتنی هێزی کاری هیچ وەسیلەیەکی دیکەیان بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان نەبوو، دیاری دەکرێت. گەشەی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە و چڕ بوونەوەی لە شارەکاندا سیمای سیاسیی کۆمەڵگای گۆڕی. هەموو بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە و گەلێک کێشمەکێشی نوێی لە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگادا بەدیهێنا، کێشمەکێشی کرێکاران لەگەڵ سەرمایەداران لەسەر زەرووری ترین بابەتەکان، لەسەر سەرەتایی ترین مافەکانییان، لەسەر نەفسی ژیان بەسەر بردن، لەسەر چۆنیەتیی دابین بوونی نان و مەسکەن و جلوبەرگ، لەسەر پشودان و بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی ژیانی شایستەی ئینسان. ئەم جۆرە کێشمەکێشە بەرین و کۆمەڵایەتییە کە لە شار و دێهاتەکاندا لە ئارادا بوو، وڵامی شۆڕشگێڕانەی خۆی و خەباتێکی نوێی دەویست. هەستە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە و ئەو روناکبیرە شۆڕشگێڕانەی کە لەو دەورەیەدا، سەبارەت بە تەوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان هاودڵی و هەستیان بە بەرپرسیاریەتی دەکرد، هەوڵیاندا تا وڵامی ئەم بابەت و نیازانەی خەباتی ئەو قۆناغە بدەنەوە.

کەم نەبوون هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی کۆمەڵە کە لەگەڵ کاروانی کرێکارانی کوردستان تا مەعدەنەکانی سێمنان و دامغان، تا ئەهواز و ئابادان، تا کرمان و ڕەفسەنجان، تا تاران و ئیسفەهان، دەچوون و شانبەشانی ئەوان کاریان دەکرد و تۆوی وشیاریان بڵاو دەکردەوە، ئەوانیان لەگەڵ ڕەنج و ئازار و موسیبەتەکانی دنیای سەرمایەداری، و ڕێگای ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە ئاشنا دەکرد؛ مانگرتن و خەباتیان ڕیکدەخست و ڕێبەرییان دەکردن.

لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کادر و هەڵسووڕاوەکانی ڕیزەکانی کۆمەڵە لەناو زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادی خوازدا، ببوونە سیمای ناسراو و پێشڕەو و جێگای متمانەی خەڵکی ڕاپەڕیو و ڕێبەری خەباتی جەماوەری لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستاندا. کۆمەڵە لە وڵامدانەوە بەو بابەتە تازە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ دا هاتبونە گۆڕێ، یەکەم کۆنگرەی ڕێکخراوی خۆی لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ بەڕیوەبەرد. هەرچەند دیکتاتۆری ڕژیمی شا دەرفەتی ئامادەکاری سیاسیی و تەشکیلاتی پێویستی بۆ وڵامدانەوە بە بابەتەکانی ئەو دەورەیەی بە کۆمەڵە نەدابوو، بەڵام کۆمەڵە لێبڕاوانە بڕیاریدا کە بە هەموو توانایی خۆیەوە خەباتی جەماوەری لە کوردستان لە ڕاستای بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرتاسەری ئێراندا بەرەو پێش بەرێت. لەو کاتەوە تا ئێستا کۆمەڵە ڕێکخراوێك بووە کە سەبارەت بە کێشەوگرفتی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش، پێشێل بوونی ماف و ئازادییەکانیان، بێ مافی ژنان و سوکایەتی پێکرانی هەموو ڕۆژەیان هەستیار بووە و بۆ بەهێز کردن و هیدایەتی خەباتیان بە هەست کردن بە بەرپراسیاریەتیەوە جوڵاوەتەوە. کۆمەڵە بەپێی توانایی خۆی و ئامادەیی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی حازر لە مەیدان، بێ دریغ لەپێناو پێشڕەوی و بەرەوپێش بردنی خەباتی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگا و لەپێناو پاراستنی سەرجەم دەستکەوت و بەرژەوەندیەکانیاندا خەباتی کردووە و بەم جۆرە پێوەندی نێوان خۆی و جەماوەری زەحمەتکێشی قووڵتر و پتەوتر کردووە.

کۆمەڵە دوای ٩ ساڵ و چەند مانگ چالاکی نهێنی، بەدوای گیانبەختکردنی هاوڕێ حەمە حسێنی کەریمی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە لە گەرماوگەرمی ئاخێزی خەڵکی ئێراندا لەدژی ڕژیمی پاشایەتی، لەپێش ڕیزی خەڵکی ڕاپەڕیو و شۆڕشگێڕی شاری سەقز ڕۆژی ٢٣ ی ڕێبەندان لە هێرش کردنە سەر شارەوانی ئەمشارە کرایە نیشانەی گولـلەی بەکرێگیراوانی ڕژیمی شا و ڕۆژی ٢٦ ی ڕێبەندان بە دڵێکی پڕ لە ئەوین بۆ ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان گیانی

بەخت کرد، بە ڕەسمی چالاکی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. ڕێبەران و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە بۆ جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، کۆمەڵێک سیمای نەناسراو نەبوون. هەمان یارانی قەدیمی ئەوان، تێکۆشەرانی خۆڕاگری نێو زیندانەکانی ڕژیمی شا، هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاران و جووتیاران، ڕێبەرانی خاوەن نفوزی جەماوەری بەرینی خەڵک و ڕێبەرانی خەباتکاری دەورانی قیام و شۆڕشی ئەوان بوون!

کۆمەڵە دوای قیامی ساڵی ٥٧ بە ڕێکخستنی خەباتێکی گشتی و جەماوەری و ڕێبەری کردنی بزوتنەوەی خۆڕاگری لە بەرانبەر هێرشی دژی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی، خۆڕاگری سەر سەختانە لەبەرانبەر کۆنەپەرستانی ناوچەیی، دیفاع لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەم دیتوی کۆمەڵگای وەک گرنگ ترین ئەرکەکانی خۆی دیاری کرد. ئەوەی کە دوای ڕاپەڕین، چارەنووسی ئەم تەشکیلاتەی بە چارەنووسی بە میلیۆن ئینسانی ستەم لێکراو و تینوی ڕزگارییەوە گرێدا، خۆڕاگری کۆمەڵە بوو لە بەرانبەر دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگ و دۆستانی ڕیاکار و درۆینەی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا. دیفاع لە جووتیاران لە بەرانبەر مالیکەکاندا، دیفاع لە زحمەتکێشانی دێهات بۆ دەست بەسەرداگرتنی زەوییەکان، دیفاع لە ژنان لە بەرانبەر کۆنەپەرستی حاکم و فەرهەنگ و نەریتی کۆن و داڕزیوی پیاوسالارانە، دیفاع لە کرێکاران لە بەرانبەر سەرمایەداراندا، دیفاع لە چەکدار مانەوەی خەڵک و هەوڵدان بۆ چەکدار کردنی زەحمەتکێشان، پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری و ناوەندی جەماوەری، پێکهێنانی یەکیەتیی جۆتیاران، شوڕای ژنان و خوێندکاران، و لە هەمانحاڵدا هەوڵدان لەپێناو هێنانە مەیدانی بەرین و بەربڵاوی جەماوەری خەڵک لە بەرانبەر هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا لەشکرکێشیی سەرتاسەریی لێکەوتەوە.

سازماندانی حەڕەکەتی جەماوەری گەورەی وەک کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان لە ئیعتڕاز بە حزووری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوانی دیکە کە هێمای دەخاڵەت دانی ڕاستەخۆی خەڵک بوون لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا، بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵە بتوانێ لە هێرشی نیزامی ڕژیمی ئیسلامیشدا ئاڵاهەڵگری خۆڕاگریی جەماوەری و چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بێت لەبەرانبەر هێرشی هێزە داگیرکەر و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا. دوای ئازاد کرانی شارەکان لە لایەن خەڵک و هێزی پێشمەرگەوە کە ڕژیمی بەچۆکدا هێنا و ڕیاکارانە ڕازی بە وتووێژ بوو، لە حاڵێکدا کە حیزبی بۆرژوایی بە ئامانجی کپ کردنی خەبات، ئامادە بوو بچێتە ژێر هەر چەشنە ساتو سەودایەکەوە، لێبڕاوی و کارزانی کۆمەڵە لە وتووێژەکاندا لەگەڵ ڕژیم بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی بزووتنەوە و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادییە دیموکراتیکەکان، وڵامدانەوە بە پرسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان، سازماندانی هەرچی بەربڵاوتری چالاکیی وشیاریدەرانە لە مەودای نێوان دوو لەشکرکێشی ڕژیمدا بۆسەر کوردستان، جارێکی دیکە توانایی کۆمەڵەی وەک ڕەوتێکی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیست لە




ڕێبەری کردنی خەباتی شۆرشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و هێنانە مەیدانی چینی شۆڕشگێڕ بە باشی نیشاندا.

لە ماوەی ساڵەکانی دوای ڕاپەڕین، ئاڵوگۆڕ و تەحەولاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان، گەلێک بابەتی کۆمەڵایەتی هێنایە گۆڕێ و گەلێک خەباتی پەرەپێداوە. بوونی وەها بابەت و تێکۆشانێک کۆمەڵەی زیاتر لە پێشوو وادار بە وڵام دانەوە بەم بابەت و تێکۆشانانە کرد. ئەنجامدانی ئەم خەبات و بەرەپێش چوونانە لەم بوارانەدا بە قیمەتی فیداکاری و گیانبازی هەزاران کەس لە پێشڕەوترین و دڵسۆزترین شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست بەرهەم هاتووە.

ئەمڕۆ سەرەڕای ئەو هەوراز و نشێو و ئینشعابانەی کە کۆمەڵە لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا تێپەری کردووە، بەرهەمی زیاتر لە چوار دەیە چالاکیی ئاشکرای ئەم ڕێکخراوە، بەرهەمی چالاکیی هاوبەشی کۆمەڵە و جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ئاست و ڕێژەی وشیاری و توانایی، کارایی و نفوزی کۆمەڵایەتی ئەم ڕەوتەدا دەتوانین ببینین. بەرهەمی ئەم هەموو ساڵە کار و هەوڵدانە لە بەهێز بوونی ڕیزی شۆڕشی سۆسیالیستی، لە پەرەسەندن و نفوزی کۆمۆنیزم، لە نفوزی ئەفکار و نەریتی کۆمۆنیستی نێو کرێکارانی کوردستان، لە ئاشنا بوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی تێکۆشەر لەگەڵ مافە بنەڕەتییەکانیان، لەگەڵ ئارمانی ئازادیی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاریدا خۆی دەنوێنێ. بەڵام ئەگەر بمانەوێ جەخت لەسەر دەستەکەوتە بنەڕەتی و گرنگەکان بکەینەوە، پێویستە یەکێتی و هاوپشتی سیاسیی و چینایەتی لەگەڵ باقی کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران وەبیر بێنینەوە. کۆمەڵە وەک ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە چالاکیی کۆمۆنیستی خۆی لە ماوەی ژیانی خەباتکارانەیدا توانیویەتی ئەم دەستەکەوتانە دەستەبەر بکات و بە لێبڕاوی هەرچی زیاترەوە بیانپارێزێ. کرێکارانی وشیار لە کوردستانیش لەمڕۆدا لە خەبات بۆ دەستەبەر کردنی ماف و داخوازییە پێشێل کراوەکانییان لە خەبات و تێکۆشان لەدژی ستەم و ئیستبدادی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایە لە ئێران، خۆیان لەپاڵ کرێکارانی فوولادی ئەهواز، کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان، کرێکارانی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی، کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە، بزووتنەوەی ڕزگاریی ژن، بزووتنەوەی خوێندکاری و باقیی بزووتنەوە پێشڕەوە نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دەبینن. بێهۆ نەبوو کە لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بوون بە چاو و چرای خەڵکی ئێران.

کۆمەڵە هاوڕێ و هاوشان لەگەڵ خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی و جەماوەری خەڵکی مافخوازی کوردستان ئەم ڕێگایە تا کۆتایی و تا گەیشتن بە سبەی ڕۆژی سەرکەوتن بە سەربەرزیەوە درێژە پێ دەدات. ئەمە ڕەمزی سەرکەوتنی کۆمەڵە و پێویستی ڕێزگرتن لە٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵەیە لە لایەن کرێکارانی وشیار و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان! کۆمەڵە لە دڵی ئەم خەباتە و لە جەرگەی ئەم بارودۆخەدا خاراوە.

***

## سەنگەرگرتن لە پشت ماشێنی ئێعدام، دوایین خاکرێژی ڕژیم

محەممەد قوبادلوو، بەندکراوی سیاسیی لاو کە لە جەریانی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆسەر شەپۆلی نارەزایەتییەکان بە قەتڵی ژینا (مەهسا) ئەمینی دەستبەسەرکرابوو، ڕۆژی سێشەممە ٣ی مانگی ڕێبەندانی ١٤٠٢ئێعدام کرا. ئەمیر ڕەئیسیان پارێزەری قوبادلوو دوای بەدەست گەیشتنی نامەی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی ناوبراو چەند سەعات بەر لە ئێعدامکردنی لە تۆڕی ئیکسدا نووسیی: ”ئیجرای حوکمی محەممەد قوبادلوو هیچ جۆرە موجەوزێکی قانوونیی نییە و بێگومان قەتڵ بەحیساب دێ“. دەزگای قەزایی ڕژیم قوبادلوو کرێکاری ئارایشگای بەوە تۆمەتبار کرد کە لە جەریانی ئیعتڕازاتی شەوی٣٠ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو بە ئۆتۆمبێل خۆی بە مۆتۆری مەئموورانی حکوومەتدا کێشاوە. بەڵام پارێزەری ناوبراو بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی قانوونی سەبارەت بە مەرگی مەئمووری پۆلیس ئەم تۆمەتەی ڕەت کردەوە و لەئاست کەمبوونی لێکۆڵینەوە و ئیرادی فەنیی پەروەندە و وەزعیەتی سڵامەتی و تووشبوونی قوبادلوو بە ئیختلالی دوو قوتبی هۆشداری دابوو. هەروەها لەم ڕۆژەدا حوکمی ئێعدامی فەرهاد سەلیمی، زیندانی سیاسی خەڵکی شاری سەقزیش لە زیندانی قزڵحەسار جێبەجێ کرا. فەرهاد سەلیمی، ڕێکەوتی ٢٩ی مانگی ڕێبەندانی ١٣٨٨لەلایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرکرابوو. ئەو لەگەڵ سێ کەسی تر بەتۆمەتی بەشداریکردن لە تیرۆری مەلایەکی سەربە حکوومەتی

ئیسلامی بە مەرگ مەحکووم کرا. ئەوەش لەحاڵێکدا بوو کە ناوبراو چەندین جار ئەم تۆمەتەی ڕەت کردبووەوە. بەپێی هێندێک لە ڕاپۆرتەکان، ئەگەرچی خانەوادەی فەرهاد سەلیمی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوبراو بانگ کرابوون، بەڵام لەلایەن پاسەوانانی زیندانەوە ڕێگەیان پێنەدرا و بەبێ چاوپێکەوتنی کۆتایی لەگەڵ بنەماڵەکەی ئێعدام کرا.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەحاڵێکدا لەپشت خاکرێژی زیندان و ئەشکەنجە و سێدارە سەنگەری گرتووە کە قووڵبوونەوەی قەیرانی هەمەلایەنەی ئابووری، چوونەسەری بەرینی نرخی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، هێڵی هەژاریی ۳۰ ملیۆن تمەن لە تاران و سەرووی ۲۵ ملیۆن تمەن لە شارەکانی تر، حەقدەستی سێ بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری، پەرەسەندنی ئازارە کۆمەڵایەتییەکان، قووڵبوونەوەی بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت، ڕێگایەکی بێجگەلە



درێژەدانی خەبات بۆ کرێکاران و توێژە هەژارەکانی تری کۆمەڵگا لەنەهێشتووتەوە. ئەم ڕەوتە بابەتییە، پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری و جەماوەریی کردووەتە حەتمی و چارەهەڵنەگر. لەحاڵێکدا کە ئەم هەژاری و فەلاکەتە ئابوورییە بەسەر کرێکاران و زۆربەی کۆمەڵگادا سەپاوە، سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەشێکی بەرین لە داهات و بەرهەمی چەوساندنەوەی کرێکاران بۆ لەسەر پێ ڕاگرتنی نیزامی ئیسلامی لە گەرووی ماشێنی سەرکوت و ماشێنی جەنگی دەکەن. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا یەکجار دەترسێ لەوەیکە چکۆلەترین پاشەکشە لە سیاسەتەکانی هەتا ئێستای، ڕووحیەی تەعەرۆز لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پەرەپێبدات و ببێتە هۆی لێکهەڵوەشان و لەناوچوونی یەکجاریی نیزامی ئیسلامی سیاسی. سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکان بە ماجەراجوویی نیزامی و مووشەک هاویشتنی گرووپە نیابەتییەکان، هەوڵ دەدەن لاوازیی خۆیان لە بەرابەر هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیل بشارنەوە کە لەماوەی هەفتەکانی ڕابردوودا چەندین کەس لە فەرماندەکانی سپای پاسداران، حەشدی شەعبی، حیزبوڵڵا و حوسیییەکانی کوشتووە. هەروەها لەناوەوەی ئێرانیش بە وەڕێخستنی شەپۆلی ئێعدامەکان دەیانهەوێ ترسی خۆیان لە ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتیی کرێکاران و خەڵکی وەگیانهاتوو بشارنەوە.

کرێکاران، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و خەباتکار!

ئەگەرچی ئێعدامی بەکۆمەڵی بەندکراوان و پەرەپێدانی کەشوهەوای سەرکوت بەردەوام بەشێک لە مەوجوودییەتی ڕژیم بووە، بەڵام ئەمجارەیان سەرانی ڕژیم بەئاشکرا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتنی کرێکاران، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکانی خانەنشیان و باقی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگا، ئەم شەپۆلەی ئێعدامیان خستووەتە ڕێ. ئەم ئێعدامانە لە ئیدامەی هێرش بۆ سەر ژنان بە "تاوان"ی لابردنی حیجاب، لە ئیدامەی هێرشی کیمیایی بۆسەر مەدرەسەکانی کچان، لە درێژەی هێرشی ڕێکخراو بۆسەر زانکۆکان بەرنامەڕێژی کراوە. نابێ ڕێگە بە ڕژیم بدەین بە هیچ بیانوویەک لەرێگەی ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگاوە هێرش بکاتە سەر خەڵک. ماشێنی کوشتار و ئێعدامی ئەم ڕژیمە دەبێ ڕابگیرێت. بەیاننامەی لێبراوانە و بوێرانەی چەندین ڕێکخراوی کرێکاری، ناوەندی نووسەرانی ئێران و دەیان ڕێکخراو و ناوەندی خوێندکاری بۆ مەحکوومکردنی سزای ئێعدام نیشانەی ئەوەیە کە زەمینەی زهنیی گونجاوتر بۆ جەماوەری بوونەوە و سەرانسەری بوونەوەی بزووتنەوەی خەبات لەدژی ئێعدام ئامادەیە. لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی سزای ئێعدام یەکگرتوو و یەکپارچە ڕاپەڕن! سزای ئێعدام قەتڵی عەمدی دەوڵەتییە. پێویستە بەرابەر بە شەپۆلی ئێعدام لە مافی ژیانی ئینسان لێبراوانە دیفاع بکەین. پێویستە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی سزای ئێعدام یەکپارچە و یەکگرتوو بێینە مەیدان.

بۆ ئازادیی بێ شەرت و مەرجی بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەتی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەڕێوەبەرن. هیچ کەس نابێ بەخاتری بیروباوەڕ و بەخاتری چالاکیی سیاسی بخرێتە زیندانەوە. ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی چالاکیی سیاسی مافی بێ ئەملاوئەولای هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە. بەرپاکردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە شەقام و ڕێپێوان بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ. هەروەک مرۆڤی شیاوی ئازادی و بەرابەری، قورس و قایم و بێ ڕاڕایی پێویستە بۆ دیفاع لە مافە ڕەواکانمان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەڕێوەبەرین! لە بەرابەر زیندانەکاندا کۆببنەوە و بە دەنگی ڕەساوە خوازیاری ئازادیی بەندکراوانی سیاسی بن. لە گەڕەک و کارخانە و زانکۆ و شەقام درووشمی "بەندکراوی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت" بەرز بکەنەوە. خەبات دژبە سزای ئێعدام و بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی بکەنە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری.

بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە سەرانسەری ئێران و بەرپاکردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لە دەرەوەی وڵات، دژبە ئەحکامی ئێعدام بۆ ئازادیی بەندکراوانی سیاسی، دەتوانێ بەر بە درێژەی شەپۆلی ئێعدام، بەربە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بگرێت. خەباتی سەرکەوتووانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامی ئێعدام و بۆ ئازادیی بەندکراوانی سیاسی لە هەلومەرجی سیاسیی ئێستادا دەتوانێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە چەند هەنگاو بەرەوپێش بەرێت.

***

## چەوساندنەوەی منداڵانی کار لەلایەن مافیای دەسەڵاتی ئیسلامی

ڕێژەی منداڵانی کار و شەقام لە ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. کۆماری ئیسلامی بەئەنقەست نە خۆی ئامارێکی ورد لە ژمارەی ئەم منداڵانە دەدات و نە ڕێگە دەدات ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی منداڵان لەم بوارەدا هەوڵ بدەن. لەم پێوەندەدا ئەندامێکی شۆرای شاری تاران مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ ڕایگەیاند: تەنیا شاری تاران۷۰ هەزار منداڵی کاری تێدایە. زیادبوونی بەرچاوی ئەو منداڵانە و دیمەنە دڵتەزێنەکانی بژێو و کاریان کە ڕۆژانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە، ویژدانی هەموو مرۆڤێک ئازار دەدات. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی منداڵان، ئەمساڵ ژمارەی ئەو بنەماڵانەی کە بەهۆی هەژاری و کێشەی بنەماڵەییەوە مەجبوور بوون منداڵەکانیان لە خوێندن بگێڕنەوە و کاریان پێ بکەن، زیادی کردووە.

ڕۆژی پێنجشەممە ۲۸ی مانگی بەفرانبار، مێهدی مەلەکی سەرۆکی بەناو "کارگرووپی منداڵی کار و شەقام لە وەزارەتی ناوخۆ" لە کۆبوونەوەی "کودەک یارانی ئێران"دا، ئێعترافی بەوە کرد کە لە ئێران ئامارێکی ورد سەبارەت بە منداڵانی کار بوونی نییە و ئەمەش خاڵێکی لاوازی گەورەیە. هەروەها دانی بەوە دانا کە سازمانی بێهزیستی لە بواری کۆکردنەوە و سەروساماندانی منداڵانی کار و شەقامدا زەعیف عەمەلی کردووە و وتی: "لەنێوان دەزگا و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکاندا ناکۆکی هەیە و پرسی ساماندان و کۆکردنەوەی منداڵانی کار و شەقام دەخەنە ئەستۆی یەکتر " ئەم ئاخوندە کە سەرۆکی کارگرووپی منداڵانی کاری ڕژیمی ئیسلامییە وتی: "شارەداریی تاران چوار مۆدێل تەرحی بۆ ساماندانی منداڵانی کار و شەقام لەژێرناوەکانی ناوەندی شەوقی ژیانی دەزگای قەزایی، ئیقدام وعەمەلی بێهزیستی، بەشداریی خەلک و ساماندانی منداڵانی کار و شەقام، خستووەتە ڕێ.

ئەم تەرحە لە حاڵێکدایە کە زاکانی، شارەداری دزی تاران و یارمەتیدەری تایبەتی ڕەئیسی قاتڵ، بەقسەی خۆی دەیانهەوێ "ڕوخساری شار لە منداڵی کار و سواڵکەر" پاک بکەنەوە. ئەو باس لە تەرحێکی هاوبەش دەکات کە گۆیا لە سەرەتای مانگی بەفرانباری ۱۴۰۲ەوە لەلایەن شارەداری، بێهزیستی، پۆلیس و دەزگای قەزاییەوە بەکردەوە دەرهاتووە. پێکهاتەی ئەم دەزگا حکوومەتییانە بۆ ئەم کارە خۆی بەمانای هەڵسووکەوتی پۆلیسی ڕژیم بە مەسەلەی منداڵانی کارەوەیە. سوکایەتی ئەم دزە جەنایەتکارە و ئەم هاودەستەی ڕەئیسی سەبارەت بە منداڵانی کار و شەقام، هێندە ناحەز و بێشەرمانە بوو کە ناڕەزایەتی زۆرێک لە چالاکان و داکۆکیکارانی مافی منداڵانی لێکەوتەوە. ئەوان دەڵێن: "تەرحە زەربەتییەکانی کۆکردنەوەی منداڵانی کار، بەهۆی گوشاری ئابووری و تەوەرۆمی بەرین، بێجگەلە هەزینە و زیان گەیاندنی زیاتر بە منداڵان هیچ

ئاکامێکی دیکەیان نییە و دەزگا حکومەتییەکان ناتوانن بەڕێوەی بەرن. بەسەرەنجدان بە پەرەسەندنی هەژاری لە ئێران، ژمارەی ئەم منداڵانە لە داهاتوودا زیاتریش دەبێت". مودیری دامەزراوەی "یاریگەرانی منداڵی کاری پووپا" لە وڵام بە وتەکانی زاکانی وتی: شارەداری تاران بەم وتانەی نیشانی دا کە نە تەنها نیگەرانی منداڵانی کار نییە بەڵکوو دەیهەوێ ئەسڵی کێشەکە داپۆشی وای بنوێنی کە کێشەیەک وەک کێشەی منداڵانی سەر شەقام بوونی نیە". ئەو ئەم پرسیارەی هێنایە گۆڕێ کە ئەگەر شارەداری ڕاست دەکات بۆچی بەربە مافیای زبڵگەڕی کە یەکێک لە سەختترین کارەکانی منداڵانە ناگرێت؟



هێنانەگۆڕی ئەم تەرحانە لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتی ئیسلامی سەبارەت بە منداڵانی کار کە ڕۆژانە لە شەقامەکان بۆ پەیداکردنی تیکەیەک نان ڕوویان کردووەتە زبڵگەڕی، دەستفرۆشی و خاوێنکردنەوەی شووشەی ماشێن و کاری هاوشێوە، نیشانەی ئەوەیە کە مەسئوولانی کۆماری ئیسلامی هیچ بایەخێک بە منداڵانی کار و شەقام نادەن. وەها تاکتیکێکی فریوکارانە سەبارەت بە چارەنووسی منداڵانی کار لە حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا تازە نییە و ساڵەهایە ئیدامەی هەیە. لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا کارگێڕانی ڕژیمی ئیسلامی گەلێک جار ئەم تەرحانەیان هێناوەتەوە مەیدان بەڵام هیچ کات بۆیان جێبەجێ نەکراوە و بوودجە و زەمانەتێک بۆ ئیجرا و عەمەلی کردنیان نەبووە. ئەم تەرحانە تەنها بۆ نمایش و فریوکاری بوون و هیچی تر.

لەڕاستیدا دیاردەی دڵتەزێنی منداڵانی کار و شەقام ڕیشەی لە هەژاری و برسیەتی دایە و بەرهەمی موناسباتی نیزامی سەرمایەداری لە ئێرانە. تا ئەم ڕیشەیە وشک نەبێت، دیاردەی منداڵانی کار و شەقام نەتەنها لەبەین ناچێت، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ. کارگێڕانی ڕەنگاوڕەنگی حکومەتی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی بۆ نموونە کەسێکی وەک زاکانی نەتەنیا ڕێگر نەبووە، بەڵکوو لە هاودەستی لەگەڵ مافیای سەرمایە لەم بەشە، قازانجیشی پێگەیشتووە. بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە سەربەخۆکان، بەرپرسانی شارەداری لە هاودەستی لەگەڵ شیرکەتە پەیمانکارەکانی ژێر چاوەدێری شارەداری، بۆ کۆکردنەوەی زبڵ ئەم منداڵانە دەچەوسێننەوە. یەکێک لە منداڵانی زبڵگەڕ وتی: "شارەداری مانگانە نیوەی دەرئامەدەکە بۆخۆی دەبات". پێویستە بوترێ کە چەوساندنەوەی منداڵانی کار لە حکومەتی ئیسلامیدا تەنها بە منداڵانی کار و شەقام مەحدوود نابێتەوە. بەڵکوو ژمارەیەکی یەکجار زیاتر لە منداڵان لە کارگا ژێرزەمینی و شاراوەکاندا بە حەقدەستی یەکجار کەم لە سەنعەتی شیشەگەری، جیاکردنەوەی زبڵ، کیف دوورون، پرێسکاری و هیتر کاریان پێدەکرێت و ڕۆژانە لەگەڵ مەترسی نائەمنی شوێنی کار لەوانە سووتان و پەڕینی ئەنگوستی دەست و هیتر بەرەوڕوو دەبنەوە.

عەلی خامنەیی لە باروودۆخێکدا تەبلیغی زیادکردنی جەمعیەت و منداڵبوون دەکات، لە باروودۆخێکدا دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ دابینکردنی بوودجە و ئامادەکردنی گەلاڵەی زیادکردنی منداڵ هیدایەت دەکات کە نەسلی ئێستای منداڵانی ئێران لەم باروودۆخە دڵتەزێنەدان. ئاشکرایە بۆ خامنەیی گەشە و پشکوتنی توانای منداڵان و بەهرەمەندبوونیان لە خوێندن و پەروەردە و فێربوون هیچ گرنگییەکی نییە. ئەوەیکە بۆ ئەو گرنگە زیادکردنی ئوممەتی ئیسلام بۆ شەڕ و داگیرکاری و بەڕێوەبردنی سیاسەتی زێدەخوازانە و جەهادە. سیاسەتێک کە کرێکاران و خەڵکی نارازیی ئێران لەگەڵی ئاشنان و بۆ کۆتاییهێنان بەم ئەو وەزعە فەلاکەتبارە ڕێگای خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەریان گرتووەتەبەر.

***

## چینی کرێکار کوشتاری خاتوون ئابادی لە بیر ناچێتەوە

ڕۆژی چواری ڕێبەندان بیستەمین ساڵیادی خەڵتانی خوێن کردنی خەباتی کرێکارانی موجتەمەعی مسی " شاری بابەک" لە خاتون ئابادە. ئەو ڕووداوە ئەزموونێک بوو بۆ بزووتنەوەی کرێکاری ئێران کە چوار کریکار و منداڵێکی قوتابی تێدا بوونە قوربانی. کوشتاری کرێکاران لە خاتون ئاباد لە ڕۆژی ٤ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٢لە کاتێکدا ڕوویدا کە ڕیفۆرمخوازانی حکومەتی لە دەسەڵاتدا بوون. لەو ڕۆژانەدا کە خاتەمییەکان، کەرووبییەکان و مووسەوییەکان تەپڵی داکۆکیکردن لە مافە مەدەنییەکانیان لێدەدا. ئەوان سەرەتا لە بەرانبەر گوشاری ناوەندە کرێکارییەکاندا لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات بەڵێنیاندا کە بەدواداچوون بۆ ئەم ڕووداوە بکەن وبکەران و دەستوپێوەندەکانی ئەو کوشتارەی کرێکاران بناسێنن، بەڵام وەک زۆربەی ڕوداوەکانی دیکە قەت بەڵێنەکەیان نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە. ڕیفۆرم خوازەکانی دەسەڵات بەدواداچوون بۆ ئەم ڕووداوەیان پشتگوێ خست و لە بەرانبەردا، نەخشە و پیلانە دژی کریکاریەکانی خۆیان جێبەجێ کرد.

ئەو ڕووداوانەی کە سەرئەنجام لە ڕۆژی ٤ ی ڕێبەنداندا بوو بە هۆی کوشتاری کرێکارەکان، لە ڕۆژی ١٥ی مانگی بەفرانبارەوە دەستی پێکردبوو. ئەو کات بەڕێوەبەرایەتی مەعدەنی تواندنەوەی مس هەڵکەوتوو لە گوندی خاتوون ئابادی شاری بابەک بەبیانووی کۆتایی هاتنی کاری ساختمانی ئەم ناوەندە، ٢٠٠ کرێکاری دەرکرد. ڕۆژی ١٥ ی مانگی بەفرانبار ٢٠٠کەس لە کرێکارانی موجتەمەعی شاری بابەک لە نارەزایەتی بە دەرکرانیان دەستیان لە کار کێشایەوە و کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیان وەڕێخست. لە بەرانبەر نارەزایەتی کرێکاراندا بەرپرسانی شیرکەت بەڵێنیان پێدان بیانگێڕنەوە بۆسەر کار و بەم وەعدەیە، کرێکاران کۆتاییان بە کۆبوونەوەکە هێنا. بەڵام دوای تێپەڕینی دوو حەوتوو هیچ نیشانەیەک لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکەیان نەبیندرا. کرێکاران لە ڕۆژی ٢٨ ی مانگی بەفرانبار جارێکی تر دەستیاندایەوە کۆبوونەوە و ئەمجار لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە ناو خاتون ئاباد، جادەیەک کە دەچوو بۆ موجتەمەعەکەیان بەست. بەرپرسانی شیرکەت هەروا داواکاری کرێکارەکانیان پشتگوێ دەخست. بەیانی ڕۆژی هەینی سێ مانگی ڕێبەندان هێزە حکومەتیەکان و لەوانە ماشێن و هێلیکوپتێرەکانی یەگانی تایبەتی هێزی ئینتیزامی لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشیان کردە سەر کرێکاران و بنەماڵەکانیان و پاش ئەزیەت و ئازاردانی دەیان کەس، بەداخەوە یەکێک لە کرێکاران لەو ڕۆژەدا بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕژیمدا گیانی لەدەستدا. نارەزایەتی کرێکاران و بنەماڵەکانیان ڕۆژی دواتر لە ناو شاری بابەکدا درێژەی بوو و کرێکاران لە بەردەم بینای فەرمانداری ئەم شارەدا دەستیاندایە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان. هێزەکانی ڕژیم بە دەستووری فەرماندار ڕاستەوخۆ تەقەیان لە کرێکارانی نارازی کرد و بەهۆیەوە چوار کەس لە کرێکارانی بەناوەکانی "ڕیاحی، جاویدی، مەهدەوی، مۆمنی و خوێندکارێک بەناوی پوورئەمینی گیانیان بەختکرد و زیاتر لە ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون. کرێکارانی نارازی لە لایەن خەڵکی شاری بابەکەوە پشتیوانی دەکران و شار بەتەواوەتی داخرا. ئەگەرچی بەهۆی وەحشیگەری کاربەدەستانی ڕژیم کە ڕاستەوخۆ لە مەرکەزەوە بۆ سەرکوتی کرێکاران دەستووریان پێدرا بوو، سەرئەنجام ئەم حەرەکەتە کرێکارییە سەرکوت کرا، بەڵام ڕووداوی خاتون ئاباد بوو بەهۆی پەرەگرتنی نەفرەتی گشتی لە دەوڵەتی خاتەمی و ئیسلاح خوازە حکومەتییەکان کە بە وەعدەی چاکسازی لە ژیانی خەڵکدا هاتبوونە سەرکار.

ئەگەر ڕووداوی خاتون ئاباد شێوازێکی ئاشکرای کوشتنی کرێکاران بوو، موجتەمەعی مسی سەرچەشمە ساڵانێکە کە لە شێوازی تردا بۆتە شوێنی گیان لەدەستدانی کرێکاران. ئەم موجتەمەعە کە نیوە خسووسی و نیوە دەوڵەتیە لەژێر کۆنترۆڵی شیرکەتی میللی پیشەسازی مسی ئێران دایە. ئەم زنجیرە پیشەسازییە ئەگەرچی مەعدەنی سەرئاوەڵەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نائەمنترین کانەکانی دنیان و هەموو ساڵێک ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران بەهۆی نەبوونی ئیستانداردی ئیمەنی و لەوانە بەهۆی هەڵمژینی گازی ژەهراوی گیان لەدەست ئەدەن. لە ڕووداوی خاتون ئاباد دا جاریکی تر دەرکەوت کە دیموکراسی خوازی درۆینەی ڕیفۆرمخوازانی حکومەتی، چلۆن لە بەرانبەر نارەزایەتی ئاشتیانەی کرێکاراندا لە محەک درا و کاڵ بووە. سەرچاوەی کوشتاری کرێکارانی خاتون ئاباد شەڕی نێوان باڵەکانی حکومەت نەبوو. بەڵکوو

نیشانەی سەرسەختی سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی ئێران بوو لە بەرانبەر نارەزایەتی کرێکاران لەدژی سیاسەتێک کە لەو سەردەمدا لەژێرناوی "تەعدیلی نیروی کار" ئارادابوو. ئیجرای بە کردەوەی ئەم سیاسەتە کە لە ساڵەکانی کۆتایی دەورەی سەرۆک کۆماری ڕەفسەنجانیەوە دەستی پیکردبوو لە دەورەی خاتەمیدا بە توندترین شێوە پەیڕەو دەکرا. بەپێی ئەم سیاسەتە دژی کرێکارییە هەزاران کرێکار بەبێ هیچ چەشنە تەمینێکی کۆمەڵایەتی بێکارکران و دوای ماوەیەک ژمارەیەک لەوانیان کە فەننی و شارەزا بوون بە قەراردادی کاتی و حەقدەستی کەمتر دەهێنایەوە سەرکار.



بەر گولەدانی کریکارانی خاتون ئاباد لەو کاتەدا، ڕووداوێک نەبوو کە ئیسلاح خوازەکانی حکومەت لە دەستیان دەرچووبێت. لەو دەوریەدا زیاتر لە ٤٠ هەزار کرێکار لە بەشەکانی پیشە سازی و کانەکان لە ئوستانی کرمان دەرکران. زۆربەیان ئەو دامەزراوانە بوون کە بە هاوبەشی لەلایەن دەوڵەت و کەرتی تایبەت بەڕیوەدەچوون. ڕژیم بە شێوەی جیدی بەدوای بەرێوەبردنی سیاسەتی هاوسەنگی هێزی کار لەو بەشە لە پیشەسازی ئێراندا بوو وە دەیویست لەم ڕێگاوە نمونە و ئۆلگویەکی سەرکەوتو بۆ سەرجەم بەشەکانی تری پیشەسازی و بەهەمهێنان دروست بکات. خەباتی کرێکارانی خاتون ئاباد ئەگەر سەرکەوتوو بوایە خۆراگری کرێکارانی لە بەرانبەر سیاسەتە ئابووریەکانی ئەوکاتی ئیسلاح خوازانی حکومەتیدا لە ئاستێکی بەرینتردا پەرە پێئەدەدا، کەوایە دەبوو بە تەواوی سەرکوت بکرایە. فەرمانداری شاری بابەک کە فەرمانی تەقەی بەرەو کرێکاران و بنەماڵەکانیان دەرکرد، توشی تورەبوونێکی لەپڕ نەهاتبوو، بەڵکو ئەو و دەزگای سیاسەت داڕێژەر لە تاران لە رۆژی ١٥ ی مانگی بەفرانبارەوە تا رۆژی ٤ ی ڕێبەندان دەرفەتیان هەبوو کە لەم بارەیەوە بیر بکەنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم روداوە، دەوڵەتی بەناو ئیسلاح خواز چەندین تەبسەرەی بە یاسای کارێک کە خۆی لە ئەسڵدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سەرمایەداران ئامادە کرابوو، زیاد کرد. وە ئەمەش دیسان زیاتر بە زیانی کرێکاران بوو. زیاد کرانی ئیسلاحییەی یەک لەدوای یەک لە قانونی کاردا و تەقەی راستەوخۆ بەرەو سینگی کرێکاران، بەکردەوە دەرهێنانی جۆراوجۆری سیاسەتێکی دیاری کرابوون. ئەم ئەزموونە کە بەهای قورسی بۆ درا، بە چینی کرێکاری ئێرانی نیشاندا کە کاتێک بەرژەوەند و سیاسەتی روونی چینایەتی بێتە گۆڕێ، باڵە جۆرا وجۆرەکانی ناو حکوومەتی سەرمایەداران، سەرەرای جیاوازییەکانیان، چۆن لە بەرامبەر خەباتی کرێکاراندا وەک یەک دەجوڵێنەوە. ئەگەر لە ئاخێزی مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ کرێکاران و جەماوەری ڕاپەڕیو لە جەریانی نارەزایەتییەکانی خۆیاندا بە دەنگی بەرز ئەم دروشمەیان دەووتەوە : "ئیسلاح تەڵەب ئوسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا"، بێگومان ئەم ئاڵوگۆڕە لە وشیاری جەماوەر لەئاست ناوەرۆکی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی بەشێکی لە ئەزموونی خەباتی کرێکاران و بە بەهای ڕەنج و خوێنی ئەوان بەدەست هاتووە.

***

## قۆناغی نوێی مانگرتنی کرێکارانی فوولادی ئەهواز

## ئێمە تاقی مەکەنەوە، ئێمە پۆڵای خاراوین

کرێکارانی گرووهی میللی فوولادی ئەهواز ڕۆژی شەممە ٧ی مانگی ڕێبەندانی ١٤٠٢ لە پێنجەمین ڕۆژی مانگرتنی خۆیاندا لە بەرامبەر ئۆستانداری خووزستان و فەرمانداری ئەهواز دەستیان دایە کۆبوونەوەی نارەزایەتی. بەدوای وەدینەهاتنی بەڵێنەکانی بەڕێوەبەرایەتی گروهی میللی سەنعەتی فوولادی ئەهواز سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕێزبەندی پیشە، ڕۆژی سێشەممە، سێی مانگی ڕێبەندان، کرێکارانی ئەم کۆمەڵگە پیشەسازییە، بە ڕاگرتنی بەرهەمهێنان لە هەموو هێڵەکاندا، خولێکی دیکەی مانگرتنە شکۆمەندەکەیان دەستپێکرد. کرێکاران کاتێک بڕیاری مانگرتنیان دا کە ڕۆژی شەممەی هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتی شیرکەت داوای دوو ڕۆژ مۆڵەتی کردبوو، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم مۆڵەتە، شیرکەت لەجیات وڵامدانەوە بە خواستی کرێکاران ڕۆژێکی تریشی فورسەت داوا کردبوو. کرێکاران کە لە ئەزموونی کردەوەیی خۆیاندا وەختکوژی بەردەوام و جیددی نەبوونی خاوەنکار و بەڕێوەبەریان لە جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیەدا بینیبوو و زانییان کە بەڕێوەبەرایەتی شیرکەت لەجیات جێبەجێکردنی گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشە، بە وادە و بەڵێنی پووچ و بێبنەما داواکاری کرێکاران پشگوێ دەخات، بڕیاریان دا چەرخەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو هێڵەکاندا ڕابگرن.

کرێکارانی مانگرتوو ڕایانگەیاند کە ئەم مانگرتنە هەتا ڕۆژی شەممە حەوتی ڕێبەندان درێژەی دەبێت و هیچ جۆرە چالاکییەک لەوانە بەرهەمهێنان، بەتاڵکردنی مەوادی ئەوڵییە و بارکردنی بەرهەمەکان ئەنجام نادرێت و ئەگەر مودیریەت لە ئیجرای ئەم تەرحەدا هەوڵێکی جیددی نەدات، ڕۆژی شەممە سەبارەت بە چۆنیەتی و شێوەی درێژەدانی مانگرتن بڕیاری جەمعی دەدەن. ڕۆژی شەممە ٧ی مانگی ڕێبەندان کرێکارانی فوولاد ڕایانگەیاند کە دەستەی بەڕێوەبەری مافیایی کارخانە نەتەنها حازر بە ئیجرای گەڵاڵەی ڕیزبەندی نین بەڵکوو سەرەڕای ڕێکەوتنی پێشوو بە پێشنیاری پێدانی ٥ لەسەد لەجیاتی ٥٠ لەسەد، بەئاشکرا بە کرێکارانی شەریفی گرووهی میللی و خانەوادەکانیان بێرێزی دەکەن. دوای ئەوەیکە بەڕێوەبەرایەتی کارخانە بە ژێرپێنانی ڕێکەوتنەکانی پێشوو لەگەڵ کرێکاران ئامانج و نیەتی ڕاستەقینەی لە کوشتنی کات بۆ کرێکاران ئاشکرا بوو، کرێکارانی فوولاد بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە چوارچێوەی کارخانە بەدژی پێشنیاری بێشەرمانەی دەستەی بەڕێوەبەری بڕیاریان دا مانگرتن درێژە بدەن و بڕۆنە سەر شەقام. کرێکارانی مانگرتوو ڕایانگەیاند کە گەلێک جار لێبڕاوانە نیشانمان دا کە ئێمە کرێکاران لەسەر بەرژەوەند و مافەکانی خۆمان زەڕەیەک کۆتا نایین و ئەمجارەش وڵامی فریوکاری و جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکان لەسەر شەقامەکانی ئەهواز دەدەینەوە.



شەپۆلی نوێی مانگرتنی کرێکارانی فوولادی ئەهواز لە درێژەی نارەزایەتی مانگی خەزەڵوەر و مانگرتنی ٨ ڕۆژە و شکۆمەندی کرێکاران لە مانگی بەفرانباردا ڕێکخراوە. کرێکارانی ئەم ناوەندە سەنعەتییە ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی مانگی ڕێبەندانی ١٤٠٢ لە ئیعتراز بە بایەخنەدانی بەڕێوەبەرایەتی شیرکەت بە خواستەکانیان لە دەوروبەری شیرکەت کۆبوونەوە و ڕێپێوانی نارەزایەتییان بەرپاکرد و ڕایانگەیاند: "ئەگەر سەرەتای مانگی بەفرانبار خواستی ئێمە کرێکاران واتە جێبەجێکردنی تەواوی گەڵاڵەی ڕیزبەندی و هاوسانسازیی حقووق نەیەتە دی، بە بێ بایەخدان بە هەر جۆرە هەڕەشە و بەڵێن و هەر میزان واریزی، پەیگیری مانگرتن دەبین." لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەم مۆڵەتە و دوای ئەوەیکە عەلی محەممەدی مودیر عاملی گەندەڵی گرووهی میللی سەنعەتی فوولادی ئەهواز ٢١کرێکاری لە چوون بۆناو شیرکەت قەدەغە کرد و گەڵاڵەی ڕیزبەندی پیشەی بەڕێوەنەبرد، بەیانی ڕۆژی شەممە ٢ی مانگی بەفرانباری ١٤٠٢ کرێکارانی گرووهی میللی فوولاد یەکپارچە دەستیان دایە مانگرتن و لە هەموو بەشەکاندا هێڵەکانی بەرهەمهێنانیان ڕاگرت.

خواستە سەرەکییەکانی کرێکارانی فوولاد کە بەڕێوەبەرابەتی گەندەڵی کارخانە بە وەختکوژی بەردەوام و بە ژێرپێنانی ڕێکەوتنەکانی پێشوویان خۆی دەدزێتەوە، ڕوونە. گرینگترین خواستی کرێکاران جێبەجێکردنی کامڵ و دەستبەجێی ڕدەبەندیی پیشەکان، هاوسانسازی حەقدەستەکان بەرابەر لەگەڵ کرێکارانی شیرکەتەکانی فوولادی دەوروبەر بەپێی خەرجی ژیانی خانەوادەیەکی چوار کەسی، قەراردادی کردنی هەموو کرێکارانێک کە بە قەراردادی کاتی کار دەکەن، لەسەرکارلاچوونی بەڕێوەبەری گشتی گەندەڵ وسەندنەوەی خاوەنداریەتی لە بانکی میللی، بەشداریی کرێکاران لە

بەڕێوەبردنی شیرکەت و شەفافیەتی تەرازنامەی ماڵی شیرکەت کە هی خەڵک و هەموو کۆمەڵگایە.

کرێکارانی فووڵادی ئەهواز لە جەریانی مانگرتنی ٨ ڕۆژە و شکۆداری خۆیان لە مانگی بەفرانبار هەروەک لە جەمعبەندیی دەستکەوت و بەربەستەکانی مانگرتندا تەئکیدیان کرد، بە پێکهێنانی هاوئاهەنگی تەواو لە نێوان هەموو شیفتەکان و هەموو بەشەکانی کارخانە، بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی پرگوتین و کاریگەر، بە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ وتوویژکردن، بە تێکەڵکردن و هاوکاری کرێکارانی قەراردادی و پەیمانکاری، بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕەنگدانەوەی بەرینی




میدیایی، بە پشتیوانی بیروڕای گشتی و بە گرتنەوەی هاوکاتی کارخانە و شەقام توانییان پاشەکشە بە بەڕێوەبەرایەتی گەندەڵی کارخانە بکەن و بەشێک لە خواستەکانیان بسەپێنن. کرێکارانی فووڵاد بە پاراستنی یەکپارچەیی و یەکریزی خۆیان و بە ڕێکخستنی وشیارانەی مانگرتن، فشاری هێزی ئینتزامی و فشاری بانگ کردنی شەو و ڕۆژی کرێکارانی مانگرتوو بۆ ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکان و پروپاگەندەی میدیایی دژبە مانگرتنیان پووچەڵ کردەوە. لە بارودۆخی ئێستاشدا کرێکارانی فووڵاد بە پشت بەستن بەم ئەزموونە بەنرخانەی مانگرتنی ٨ ڕۆژەی مانگی بەفرانبار، بە پشتن بەستن بە یەکگرتوویی و یەکریزی خۆیان و بە دەخاڵەتدانی ڕاستەوخۆی کرێکاران لە بریاردان لەڕێگەی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی دەتوانن پیلانی بەڕێوەبەرایەتی گەندەڵی ئەم شیرکەتە و ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕژیم پووچەڵ بکەنەوە و سەرکەوتنی مانگرتن زەمانەت بکەن.

❋❋❋




## لە مانگرتنی بەندکراوانی سیاسی دژبە ئێعدام بە پێشەنگایەتی ژنان ڕێز بگرین و خەبات لە پێناو ئازادکردنی بەندکراوانی سیاسی و لەدژی ئێعدام لە دەرەوەی زیندان درێژە پێ بدەین

ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەپۆلی تازەی ئێعدامەکان، ڕۆژی سێشەممە ٣ی مانگی ڕێبەندان محەممەد قوبادلوو لە دەستبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی ساڵی ١٤٠١، فەرهاد سەلیمی و دوو کەسی تر لە بەندکراوانی لە زیندانی قزڵحەساری کەرەج بەتۆمەتی بێبنەمای "موحاربە" و "قەساس" و هیتر ئێعدام کرد. ئێعدام و کوشتنی ئەم بەندکراوانە بەوتەی پارێزەرەکانیان بەبێ پەیوەندی گرتن لەگەڵ بنەماڵە و بەبێ ئاگادارکردنەوە و حزووری بنەماڵە و پارێزەرەکانیان بەڕێوەچووە. پارێزەری محەممەد قوبادلوو ڕایگەیاند کە: "ئێعدامی موکلەکەم سەرەڕای ڕەدکردنەوەی حوکمی ئێعدامەکەی لەلایەن شۆرای باڵاوە ئەنجام دراوە." ئێعدامی زاڵمانەی فەرهاد سەلیمیش دوای تەحەمولی زیاتر لە ١٣ ساڵ زیندان لە حاڵێکدا بەنهێنی بەڕێوەچوو کە بنەماڵە و پارێزەرەکانی لە چاوەڕوانی موحاکەمەی دووبارە و ئازادی ناوبراودا بوون. پێویستە بوترێ کە دوو ڕۆژ پێشتریش حکوومەتی ئیسلامی دوو بەندکراوی دیکەی لە هەمەدان ئێعدام کرد و هەر لە ڕۆژی ٣ی ڕێبەنداندا، دەزگای کوشتاری قەزایی ڕژیمی ئیسلامی حوکمی ئێعدامی سێ کەسی دیکەی دەرکرد.

ئاشکرایە کە حوکمەکانی ئێعدام لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا بەپێی نەزەری بازجووەکانی دەزگا ئەمنیەتییەکان و ئیعترافاتی ئیجباری تۆمەتباران بە کاری نەکردوو لەژێر ئەشکەنجەی وەحشیانەدا دەردەکرێ. ئەم حوکمانە نایاسایین و تەنانەت لەگەڵ یاساکانی ڕژیمیش یەکناگرنەوە. بەڵکوو ئەحکامێکی سیاسین کە بەپێی زەرووڕەت و ئامانجە سیاسییەکانی ڕژیم بەسەر دادگاکاندا دیکتە دەکرێن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی "هەنگاو"، ڕژیمی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٢٣دا لانیکەم ٨٢٣ بەندکراو لەوانە پێنج منداڵ کە لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵدا بوون ئێعدام کردووە. جگە لەم ئێعدامانە لەئێستادا ١٦٣ کەسی دیکە لە زیندانەکانی ڕژیمدا حوکمی ئێعدامیان بۆ دەرکراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بە ژمارەیان زیاد دەبێت.

شەپۆلی تازەی ئێعدامەکان، ناڕەزایەتی چەندین ڕێکخراو و ناوەندی کرێکاری، ناوەندی نووسەرانی ئێران، ئێعترازی دەیان ڕێکخراو و ناوەندی خوێندکاری و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ناڕەزایەتی ئینسانە تێکۆشەرەکانی دیکەی لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران لێکەوتووەتەوە. لە هەوڵێکی ناڕەزایەتی بوێرانەدا ٦١ ژنی بەندکراوی سیاسی ڕۆژی سێشەممە ٣ی مانگی ڕێبەندان لەڕێگەی بەیاننامەیەکەوە لەژێرناوی "دەنگی ئێمە بن لەدژی ئێعدام"، ڕایانگەیاند کە لە ناڕەزایەتی دژبە ئێعدامی دوو بەندکراوی سیاسی، محەممەد قوبادلوو و فەرهاد سەلیمی و باقی ئێعدامەکانی دیکە لەپێناو ڕاگرتنی ئێعدام لەلایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە، ڕۆژی پێنجشەممە پێنجی ڕێبەندان لە زیندان دەست دەدەنە مانگرتن لە خواردن. لە بەشێکی دیکە لەم بەیاننامەیەدا هاتووە: "بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناوی ئێعدامکراوان و بۆ زیندوو ڕاگرتنی دەنگی سەدان ئینسانی دیکە کە هەر ئێستا لەناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە سەراسەری ئێران لەڕیزی ئێعدامدان،



موقاوەمەت دەکەین و ئیعترازی خۆمان بە مانگرتن لە خواردنی دەستەجەمعی نیشان دەدەین". بەدوای ئەم ئیعترازە بوێرانەیە ژنانی بەندکراوی سیاسی، ژمارەیەکی تر لە ژنان و پیاوانی بەندکراوی سیاسی لە زیندانەکانی دیکە لەوانە سپیدە قولیان لە زیندانی بووشهر کە بەتاوانی دیفاع لە کرێکارانی حەوت تەپە ئەشکەنجەدراوە و زیندانیکراوە، زەینەب جەلالیان لە زیندانی یەزد، هاودەنگی خۆیان لەگەڵ بانگەوازی مانگرتن لە خواردنی ٦١ بەندکراوی سیاسی ڕاگەیاند. بەڵام جگە لەم ژنە بەندکراوە سیاسییانە ژمارەیەکی دیکە لە چالاکانی سیاسی و مافی مرۆڤ و بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی لەوانە بنەماڵەی سەربەرزی سپیدە قولیان و ژینا ئەمینی، باوکی نەرگس محەممەدی و ئاتنا دائمی لەڕێگەی نامەیەکەوە لەلایەن خۆیان و ٣١ بەندکراوی سیاسیی پێشووی بەندی ژنان لە دەرەوەی زیندانەوە ڕایانگەیاند کە ئەمڕۆ پێنجشەممە هاوڕێ لەگەڵ ژنانی بەندکراوی سیاسی لەدژی ئێعدام مانگرتن لە خواردن بەڕێوە دەبەن. بێگومان پێویستە لە کردەوەی جەسوورانەی مانگرتن لە خواردنی بەندکراوانی سیاسی بەدژی ئێعدام بە پێشەنگایەتی ژنان ڕێز بگرین و خەبات بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی و بەدژی ئێعدام لە دەرەوەی زیندان و لە ڕیزی خەباتی کرێکاران و خوێندکاران و خانەنشینان و لەڕێگەی بەرپاکردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر زیندانەکان درێژە بدەین.

لە ئیعتراز بە شەپۆلی نوێی ئێعدامەکانی حکوومەتی ئیسلامی، ڕێکخراوی لیبوردنی نێونەتەوەیی لە بەیاننامەیەکدا کوشتنی بێوچانی ناڕازییانی لە ئێران لەدوای ناڕەزایەتییەکانی

ساڵی ١٤٠١ و ئێعدامی محەممەد قوبادلوو و فەرهاد سەلیمی بەنیشانەی کەوتنەخواری کۆماری ئیسلامی بۆناو قەڵەمڕەوی تازەی دڕندەیی وەسف کرد و مەحکوومی کرد. بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەم ڕێکخراوە داوای کرد کە دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی جیهانی و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی پێویستە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری دژبە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی دەست پێبکەن و نیشانی بدەن کە بێباکی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی و ئێعدامی ئینسانەکان پێویستە لێکەوتە و دەرئەنجامی هەبێت.

کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخێکدا شەپۆلی تازەی ئێعدامی خستووتە ڕێ کە سەرەڕای هەموو هات و هاواری چەندین ساڵەی سەبارەت بە ئیقتداری نیزامی و پشت بەستن بەوەیکە خۆی ناوی ناوە هێزەکانی "میحوەری موقاومەت"، لەئێستادا لە مەیدانی نەبەردی نیزامی لە ناوچەکە کەوتووتە پێگەیەکی یەکجار لاواز و زەبوونانەوە. لە ناوەوەی ئێرانیش لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتی کرێکاری و ناڕەزایەتی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەرەوڕووە. عەلی خامنەیی و سەرانی سپای پاسداران کە یەکجار نیگەرانی چارەنووسی ڕژیمن، ئێعدامکردنی بەندکراوان لەناو سیاچاڵەکانی ڕژیم بە هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لەپێناو دەربازکردنی خۆیان دەزانن. موحسین ئێژەیی قاتڵ سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕژیمی داماوی ئیسلامی ڕۆژی چوارشەممە ٤ی ڕێبەندان وێڕای دانپێدانان بە بایەخنەدانی خەڵک بە موعیزەکانی هەموو ڕۆژەی خامنەیی، ڕاشکاوانە ئامانجی حکوومەتی لە شەپۆلی تازەی ئێعدامەکان ڕاگەیاند و وتی: "هەموو شتێک بە مەوعیزە چارەسەر ناکرێت و بە تیغی عەداڵەت دەبێ بەرەنگاری ئەوانە ببینەوە کە بەشێوەی ڕێکخراو و بە هاودەستی لەگەڵ دەرەوە بەرانبەر بە نیزام دەوەستن. هەموو دادستانەکانی سەراسەری وڵات دەبێ بایەخی جیددی بەم بابەتە بدەن و بە یارمەتی لەگەڵ هێزە ئەمنی و ئینتزامییەکان، ئەو مۆرە سازماندراوانەی کە خەریکی ئاژاوەنانەوەن، شناسایی بکەن و بەبێ لێخۆشبوون موحاکمەیان بکەن و سزایان بدەن". ئەم وتانە نیشانەی وجوودی کابووسێکی واقعییە کە ترسی خستووەتە ناو جەستەی هەموو حاکمانی کۆماری ئیسلامییەوە. ئەوەیکە ئێژەیی و ڕێبەرانی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی لایان وایە بە پەرەپێدانی ئێعدام و توندکردنەوەی فەزای ئەمنیەتی و سەرکوت دەتوانن کۆمەڵگا چاوترسێن بکەن، خەیاڵێکی باتڵە. بێگومان دەسەڵاتێک کە سەروەتی ئەم کۆمەڵگایە و بەرهەمی چەوساندنەوە و ڕەنج و کاری کرێکارانی ئێران بە گەرووی دەزگای سەرکوت و ماشێنی نیزامیدا دەکات، دەیکاتە خەرجی ماجەراجوویی نیزامی و ناتوانێ وڵامی لانیکەمی داخوازی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بداتەوە، تەمەنی کۆتایی هاتووە و بە زەبری شۆڕش دەڕووخێت.

***

## بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان سەبارەت بە خەبات بۆ زیادکردنی حەقدەست

## پێویستە بۆ زیادکردنی گشتیی حەقدەست ڕاپەڕین و هەوڵە دژەکرێکارییەکانی دەوڵەت و خاوەنکاران پووچەڵ بکەینەوە!

زیادکردنی حەقدەست لە بارودۆخی فەلاکەتباری ئێستادا بووەتە پێویستییەکی حەتمی. ئەو حەقدەستەی کە لە لایەن حکوومەت و وەزارەتی کار و ئەو بەناو نوێنەرە کرێکارییانەی کە لە لایەن شۆرای باڵای کارەوە دیاری کراون، ناتوانێ بژێوی چینی کرێکار دابین بکات. ساڵهایە کرێکاران بەدژی ئەم هەژاری و نەهامەتییە بەرینە ناڕازین و کارخانە و کارگە، ناوەندی پەروەردە و دەرمان و تەندرووستی و تەنانەت شەقامەکانیان کردووەتە شوێنی دەربڕینی داخوازییەکانیان و مافەکانیان و داوای حەقدەستی زیاتر دەکەن. خەباتی بەردەوامی خانەنشینان کە بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەباتی چینی کرێکار و هەموو هەفتەیەک بەڕێوەدەچێ، مانگرتنی کرێکارانی زەوبی ئاهەنی ئیسفەهان و کرێکارانی گرووهی میللیی فوولادی ئەهواز لەماوەی هەفتەکانی ڕابردوو، نموونەیەکن لە ناڕەزایەتی ڕەوا و پەرەستێنی کرێکاران کە تێیاندا خواستی سەرەکی کرێکارانی ناڕازی، زیادکردنی حەقدەست و یارمەتییەکانی کارە.

پێویستە کرێکاران خۆیان بیر لە بەرژەوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان بکەنەوە. هێزە چینایەتییەکانی دیکە یان توانای ئەنجامدانی کارێکی وایان نییە یان هەوڵێکی لەو شێوەیەیان ناوێت، چونکە بەرژەوەندییەکانیان دژی بەرژەوەندی چینی کرێکارە.

کرێکاران بێجگەلە حەقدەستەکانیان داهاتێکی دیکەیان نییە، ئەویش ئەگەر لەسەر کاربن و کاریان هەبێت. بەڵام حەقدەستی کرێکاران بەردەوام چوار یان پێنج بەرابەر خوارتر لەو ڕێژەیە بووە کە بۆ بژێوی بنەماڵەیەکی مامناوەندی کرێکاری پێویستە. بۆ نموونە، دوایین لانیکەمی حەقدەستێک کە دەوڵەت و شۆرای باڵای کار بۆ ساڵی ١٤٠٢یان پەسندکرد بە هەموو مەزایای شوغڵییەوە، کە سەرجەم کرێکارانیش ناگرێتەوە، بڕی حەوت ملیۆن و چوار سەد هەزار تمەن بوو. ئەم بڕە ناتوانی خەرجی خانەوادەیەکی مامناوەندی شاری لە ساڵی١٤٠٢ دابین دەکات. چونکە بەپێی ئامارە



ڕەسمییەکان مامناوەندی خەرجی خانەوادەیەکی چوار کەسی لەمساڵدا مانگانە لە سی ملیۆن تمەن زیاترە. بەپێی پێشبینیی ڕێژەی تەوەرۆم لە ساڵی ١٤٠٣، مامناوەندی تێچووی ژیانی بنەماڵەیەکی شاری مانگانە لە ٤٥ ملیۆن تمەن کەمتر نابێت.

بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتیدا بەردەوام لە نەبەردی نێوان کرێکار و خاوەنکار، داکۆکیکاری بەرژوەندی چەوسێنەرانەی سەرمایەدارانە. چونکە لەلایەکەوە خودی ئەم دەوڵەتە گەورەترین سەرمایەدارە و لەلایەکی ترەوە سەرکردەکانی لەبەر قۆرخکاریی دەسەڵاتی سیاسی، نەبوونی مێکانیسمی لێپرسینەوە، نەبوونی چاوەدێری و کۆنترۆڵی خەڵکی و کەڵک وەرگرتن لە زەبروزەنگ و گەندەڵی دەسەڵات، بەشێکی مەزن لە ئامرازی بەرهەمهێنان و کاری وڵاتیان داگیر کردووە و هەموو دەنگێکی مافخوازی بە کوشتن و زیندان و دەرکردن لە شوێنی کار وڵام دەدەنەوە. هەتا کاتێک خۆڕاگری و خەباتی سەرتاسەری چینی کرێکار نەیەتە ئاراوە، دۆخی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت. ئەو کەسانەی کە هۆکاری هەژاری، نەهامەتی و بێدەرەتانی زۆرینەی لە سەدا ٩٠ی تاکەکانی کۆمەڵگان، نایانهەوێ و ناتوانن لەپێناو چارەسەرکردنی نەبوونی و بێبەشیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا هەنگاو هەڵگرن. بۆیە

بۆ بەدیهێنانی زیادکردنی حەقدەست، جگە لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حکوومەت و خاوەنکار و سەرمایەدار هیچ ڕێگایەکی تر قابیلی تەسەور نییە. چونکە حکوومەت و خاوەنکارەکان نەک هەر ئیرادەیەک بۆ زیادکردنی حەقدەست نیشان نادەن، بەڵکوو بە هەموو ئامرازە یاسایی و نایاساییەکانیان بە بیانووی بێبنەمای وەک بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوسان، پێویستی ڕەخساندنی هەلی کار، پێکهێنانی کێبەرکێ و هاندانی سەرمایەداران بۆ وەبەرهێنان، یان بەو درۆ ئاشکرایە کە ئابووری ئێران توانای دابینکردنی حەقدەستی زیاتری نییە، هەوڵ دەدەن لە زیادکردنی حەقدەست ڕێگری بکەن.

دەوڵەت بە شێوازی فریوکارانەی وەک "موزدی تەوافوقی" زیادکردن و پێدانی هەر ئاستێک لە حەقدەستی بە ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەنکار بەستووەتەوە. ئەوەش بەو مانایەیە کە دەیهەوێ هەمان یاسای دەست و پێ شکاوی لانیکەمی حەقدەستیش دەور لێداتەوە. و بۆ ئەوەی ڕێگای بەهرەکەشی و چەوساندنەوە بەبێ خۆڕاگریی کرێکاران هەموار بکات، ماددەی یاسایی تازەشی بۆ پەسند دەکات.

کرێکارانی یەدی و فکری لە ئێران لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەیان نزیک بە ٦٠%ی دانیشتووانی وڵات پێکدەهێنن و زیاتر لە٨٠%ی هەموو بەرهەمەکانی کۆمەڵگا حاسڵی کاری ئەوانە. هەربۆیە ئاشکرایە کە نابێت حەقدەستی کرێکاران لە مامناوەندی خەرجی بنەماڵەیەکی شاری کەمتر بێت. هەروەک ئاماژەی پێکرا مامناوەندی تێچووی ژیانی بنەماڵەیەکی چوار کەسی شاری لە ساڵی ١٤٠٣دا، مانگانە لانیکەم چل و پێنج ملیۆن تمەن دەبێت.

ئێمە لە هەموو کرێکارانی ناوەندەکانی سەنعەت، خزمەتگوزاری، کەشاوەرزی، بیناسازی، مەعدەن و هیتر لە بەشە خسووسی و دەوڵەتییەکان داواکارین کە لە شوێنی کاری خۆیان و لە ئاستی کۆمەڵگەدا بۆ لانیکەمی حەقدەستی مانگانە ٤٥ ملیۆن تمەن خەبات بکەن.

خاڵێکی تری بنچینەیی کە نابێ فەرامۆش بکرێت ئەوەیە کە لە خەبات بۆ زیادکردنی حەقدەست، هاوشێوەی بوارەکانی دیکەی خەباتی چینایەتی کرێکاران، یەکڕیزی و یەکگرتوویی چینی کرێکار و دروستکردنی ڕێکخراوی پایداری ئابووری و کۆمەڵایەتی (سەندیکا یان ڕێکخراوی هاوشێوە) گرنگییەکی سەرەکی هەیە.

خەباتی کرێکاران لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بەتەنها ناتوانێ ئاکامی دڵخواز بەدەست بهێنێت. هەربۆیە هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ خواستە ئابوورییەکان پێویستە پەرەپێدان و ڕاهێنان و چالاکیی کردەوەیی بۆ بنیاتنانی خەباتی سەربەخۆی سیاسیی چینی کرێکار و ڕێکخراوەکانی ئەنجام بدرێت. چونکە خەباتی چینایەتی کرێکاران تەنها کاتێک کە بەشێوەی یەکگرتووانە، ڕێکخراو و لەسەر ئەساسی ئامانجی درێژماوە و ئامانجی دەستبەجێیی چینی کرێکار و بە بەشداری بەرین و چالاکی جەماوەر بەڕێوەبچێت، شانسی سەرکەوتنی دەبێت.

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی یەکیەتی خانەنشینەکان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان
## پەیامی لێبڕاوانەی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران بۆ ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەداری: وەستاوین تا کۆتایی! ئێمە پۆڵای خاراوین

ڕۆژی یەکشەممە هەشتی مانگی ڕێبەندان، شایەدی لاپەڕەیەکی درەوشاوەی دیکە لە خەباتی چینی کرێکاری ئێران بەدژی ڕژیم ئیستبدادی و سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی بووین. کرێکارانی گرووهی میللی فوولادی ئەهواز لە درێژەی خەباتی هەفتەکانی ڕابردووی خۆیان بەشێوەی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی لە کارخانە و بەرپاکردنی کۆبوونەوە لە بەرامبەر ئوستانداری و بانکی میللی، ئەمجارە مارشێکی بەرینیان لە شەقامەکانی شاری ئەهواز ڕێکخست. کرێکاران وێڕای ئیعتراز بە وەدینەهاتنی خواستە پیشەیی و مەعیشەتییەکانیان، بە گەڵاڵەکردنی دروشمی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیشانیان دا کە کێشە




و گرفتی خۆیان و وڵات بەرینتر لە وەدیهاتنی ئەم یان ئەو داخوازیی سینفی دەبینن.

ئەم حەرەکەتە پڕگڕوتینە بە ڕێپێوان لە بینای ئۆستانداریییەوە بەرەو فەرمانداریی ئەهواز و دواتر بەرەو بینای ناوەندیی بانکی میللی ئۆستان درێژەی بوو. کرێکارانی مانگرتووی گرووهی میللی سەنعەتی فوولادی ئێران، بە کۆبوونەوە لە بەرامبەر بینای ناوەندیی بانکی میللی پارێزگای خووزستان، بە وتنەوەی چەندین دروشم، ناڕەزایەتی خۆیان بەدژی بایەخ نەدانی بانکی میللی بە خواستەکانیان نیشاندا. ئەوان بەڕوونی بە ڕژیم و کاربەدەستانی بانکی میللی، کە ئەرکداری بەڕێوەبردنی ئەم شیرکەتەن، هۆشداریان دا: "ئێمە تاقی مەکەنەوە، ئێمە پۆڵای خاراوین!"

ڕێپێوانی ناڕەزایەتیی کرێکارانی گرووهی میللی سەنعەتی فوولاد لە شەقامە سەرەکییەکانی ئەهواز درێژەی بوو. لە شەقامی نادری، کرێکاران ئەم دروشمەیان وتەوە: "ئێمەی کرێکارانی فوولاد بەدژی زوڵم و بێداد بەشەڕ دێین". ئەوان دواتر لە چوارڕیانی نادرییەوە بەرەو بازاڕ و شەقامی ئیمام ڕێپێوانیان کرد.

لەناو دروشمەکانی کرێکاراندا جەخت لەسەر خۆڕاگری هەتا وەدیهاتنی خواستەکانیان، ئیعتراز بە بێ ئاوی لە ئەهواز و هەروەها خۆ بواردن لە بەشداریکردنی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی حکوومەت بەرچاو بوو. ئەوان هاواریان دەکرد: "عەداڵەتێکمان نەبینی، ئێمە ئیتر دەنگ نادەین". کرێکاران هەروەها بە وتنەوەی دروشمی "کێشەی ئێمە لێرەیە، بەدرۆ دەڵێن ئەمریکایە"، بەڕوونی سیاسەتی ماڵوێرانکەری دەرەوەی ڕژیم و کەڵک وەرگرتنی ئامرازئاسا لە قەیرانی دەرەکی و ناوچەیی بۆ داپۆشینی ڕیشە سەرەکییەکانی قەیران لە ناوەوەی ئێرانیان ئاشکرا کرد.

خەباتی درەوشاوەی کرێکارانی فوولادی میللی ئەهواز و هەروەها مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی یەک لە دوای یەکی کرێکارانی سەنعەتی نەوت و گاز و پێترۆشیمی بەتایبەت کرێکارانی پەیمانی و ئەرکانی سالس لە ژمارەیەکی زۆر لە شیرکەت و شوێنەکانی کار لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ئێران بەتایبەت ناوچە سەنعەتییەکانی پارسی جنووبی و هەروەها ناڕەزایەتیی هەفتانەی خانەنشینان لە شارە جۆراوجۆرەکان، نیشانی دەدات کە دوای سەرکوتی فاشیستی و خوێناویی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا، شایەدی سەرهەڵدانی سەر لە نوێی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێرانین.

بەپێی بەراوردە سەرەتاییەکان، لە ماوەی دە مانگی سەرەتای ئەمساڵی هەتاویدا، زیاتر لە ٢ هەزار و ٥٠٠ مانگرتن و ناڕەزایەتی ڕووی داوە. ئەم ئیعترازاتە زیاتر لە هەزار لە مانگرتنانە پەیوەندی بە کرێکارانی سەنعەتی، زیاتر لە هەزاریشی پەیوەندی بە خانەنشینان، زیاتر لە حەفتای پەیوەندی بە مامۆستایان و زیاتر لە هەشتای پەیوەندی بە پەرستاران و پێرسۆنێلی دەرمانییەوە بووە.

ئێمە وێڕای پێشوازی لە گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران، بۆ جارێکی تر لەسەر زەرووڕەتی سازماندان، ڕێکخستنی خۆجێیی و سەرتاسەری و هەروەها لەسەر پێویستی هاوپشتی و هاوکاریی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار تەئکید دەکەین. کرێکارانی ئێران خۆیان بەڕوونی دەزانن مادام ئەم خەباتە پەراکەندە بەڵام گرنگە، نەتوانێ ببێتە خەباتێکی سەرتاسەری و هاوئاهەنگ و نەتوانێ بەستێنەکانی مانگرتنێکی گشتی و سیاسی ئامادە بکات، چینی سەرمایەدار و دەسەڵاتی

پشتیوانی، ئەو ئیمکانەی هەیە کە هەموو جارێ خۆی لە ژێر گوشاری ئەم بزووتنەوەیە بێنێتە دەر و تەنانەت بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار جیا جیا سەرکوت بکات. کەوابوو بۆ جارێکی تر وێڕای جەخت لەسەر دروشمی مێژوویی "چارەی ڕەنجبەران، یەکگرتوویی و ڕێکخراوەیە" داوا لە هەموو هەڵسووڕاوانی کرێکاری و ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان لە ئێران دەکەین کە لەڕێگەی هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر، هەوڵ بدەن ئەم خەباتە هەرچی سەرتاسەریتر، بەرینتر و ڕێکخراوتر بەڕێوەبچێت.

بژی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران!

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!

٩ی ڕێبەندانی ١٤٠٢

٢٩ی ژانویەی ٢٠٢٤

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ پشتیوانی لە بانگەوازی مانگرتنی گشتیی ١٠ی ڕێبەندان بەدژی سزای ئێعدام

سەرەنجام ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بە بێ بایەخدان بە کاردانەوەی بیروڕای گشتی، بەندکراوانی سیاسی موحسین مەزلووم، محەممەد فەرامەرزی، وەفا ئازەربار و پژمان فاتحیی بەرەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٩ی مانگی ڕێبەندانی ١٤٠٢ لە زیندانی قزڵحەسار ئێعدام کرد. کارگێڕانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژێک بەر لە ئەنجامدانی ئەم جەنایەتە دوای زیاتر لە یەک ساڵ و نیو بێ خەبەری، بە خانەوادەی ئەم زیندانییانە ئیجازەی چاوپێکەوتنیان دا و پێیان ڕاگەیاندن کە ئەمە دوادیداری ئێوە لەگەڵ ئازیزانتان دەبێت. کوشتنی ئەنقەستی ئەم چوار بەندکراوە لە حاڵێکدا ئەنجام دەدرێ کە پارێزەرەکەیان زۆر جار ڕایگەیاندبوو کە ڕەوتی دادگاییکردن و پێڕاگەیشتن بە دۆسیەی ئەم زیندانییە سیاسییانە دادپەروەرانە نەبووە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە قەیرانی قووڵ و هەمەلایەنەدا دەست و پێ لێدەدات، کەوتووەتە پێگەیەکەوە کە بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی هەموو ڕۆژێ ژمارەیەکی تر لە لاوانی ئێران بە پەتی سێدارەوە دەکات. ئێعدامی ئەم زیندانییە سیاسییانە و شەپۆلی ئەو ئێعدامانەی کە ڕژیم لە سەرتاسەری ئێران خستوویەتە ڕێ ئەحکامی سیاسین و بێجگەلە گیانی ئەم بەندکراوانە، کرێکاران و جەماوەری نارازیی لە کوردستان و لە سەرانسەری ئێران کردووەتە نیشانە. ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە خەیاڵی خۆی دەیهەوێ لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات. بەڵام ئەم تاکتیک و سیاسەتەی ڕژیمیش هەر لە زووەوە بەرەوڕووی شکست بووەتەوە. ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتنە کرێکارییەکان، دەنگی ڕەسای کرێکارانی فوولاد لە خەیابانەکانی ئەهواز، مانگرتن لە خواردنی زیندانییانی سیاسیی ژن و بەیاننامەی دەیان ڕێکخراوی کرێکاری و خوێندکاری و نووسەران بەدژی ئێعدام و نارەزایەتی و کۆبوونەوەی جەماوەری سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کرێکاران و خەڵکی ئێران بە ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ئەم ڕژیمە چاوترسێن نابن.

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!

نابێ لەوە زیاتر چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامی لاوانی ئەم وڵاتە و تەحویل وەرگرتنی جەستەی بێ گیانیان بین. نابێ ڕێگە بدەین کە ژمارەیەکی دیکە لە لاوانمان بکەونە بەر چەرخ دەندەی ماشێنی کوشتن و ئێعدامی ڕژیمی ئیسلامی و نابوود بن. نابێ بهێڵین هەموو ڕۆژێ دایک و باوک و خوشک و برایەکی دیکە داغدیدە و جەرگسووتاو بکەن. پێویستە بەرانبەر بەم شەپۆلەی کوشتن و ئێعدام یەکپارچە و یەکریز ڕاپەڕین.

کۆمەڵە وێڕای مەحکوومکردنی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی موحسین مەزلووم، محەممەد فەرامەرزی، وەفا ئازەربار و پژمان فاتحی و وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی قووڵی خۆی لەگەڵ بنەماڵەکانیان داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکات




کە هاوئاهەنگ و یەکگرتوو و یەکپارچە لە مانگرتنی گشتیی ڕۆژی شەممە ١٠ی مانگی ڕێبەندان کە لەلایەن کۆمەڵێک لە لاوانی شۆڕشگێڕ، چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، چالاکانی کۆمەڵایەتی و ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤەوە بانگەوازی بۆ کراوە چالاکانە بەشداری بکەن. پێویستە پرسەی ئەم ئازیزانە بکەینە کۆبوونەوەی جەماوەری لە نارەزایەتی بەدژی ئەم جەنایەتەی کۆماری ئیسلامی. تەنیا بە ئیعترازاتی یەکگرتووانە و یەکپارچە لە شارەکانی کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەتوانین ماشێنی ئێعدامی ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ڕابگرین و نەهێڵین لەوە زیاتر ئازیزانمان بەبنە ژێر تیغی ئێعدامەوە.

سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە

زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٩ی ڕێبەندانی ١٤٠٢

٢٩ی ژانویەی ٢٠٢٤

***

# شێعر

## شاعیر ونوسەری بەناوبانگ ( محەممەد ماغوت ) کە دانیشتوی سوریایە دەربارەی نیشتمان دەڵێ :

ئیتر خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم.

-گەمژەییە بەرگری لە نیشتمانێک بکەم نەخانویەکم تێیدا هەبێ ونە بژێوی ڕۆژانەم.

-گێلیەتیە خۆم بکەمە قوربانی تا منداڵەکانم دوای من دەربەدەر و ئاوارەبن .

-شورەییە هاوسەرەکەم جێ بهێڵم تا دوای من ببێتە نێچیری( سەگەکان) .

-نیشتمان ئەو شوێنەیە کە پێداویستیەکانی ژیانی تێدایە نەک هۆکارەکانی مردن.

-سەربەنیشتمان بوون- نیشتمانی بوون- درۆیەکە سیاسیەکان ودەسەڵاتداران دایانهێناوە تا لەپێناوی ئەواندا بمرین.

-باوەڕم بە بیرۆکەی مردن لەپێناو نیشتماندا نیە.

-نیشتمان هەرگیز نادۆڕێ ، ئێمەین دۆڕاوین.

-کاتێک نیشتمان توشی شەڕ دەبێ تەنیا بانگەوازی هەژاران دەکەن تا بەرگری لێبکەن.

-وەکاتێک شەڕ کۆتایی دێ بانگەوازی بەرپرسان دەکەن تا دەستکەوت ویلە و پایەکان بەشکەن.

-کاتێک نیشتمان تووشی بەڵای شەڕ دەبێ ، تەنیا هەژاری پاڵەوان وشەرافەتمەندن سنگیان پڕ دەبێ لە گوللە، لەکاتێکدا ورگی بەرپرسەکان وخیانەتکاران پڕ دەبێ لە سەروەت و سامان.

-کاتێک نیشتمان توشی بەڵای شەڕ دەبێ ، ئەوانە دەمرن کە شایستەی مردن نین لەپێناو ئەوانەدا کە شایستەی ژیان نین.

-نیشتمان درۆیەکە دایانهێناوە و سنورێکیان لەخەیاڵدا بۆ داناوە و ئێمەش باوەڕمان پێکردوە.

منیش دەڵێم :

بابزانین ( زەڕەیەک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەری )، چەند ڕاستی تێدایە !؟

***

پێشـــــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

tashkh@cpiran.org

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧